# ڤایرۆسی کۆرۆنا

## و چەند پەند و ئامۆژگاریەك

---


نوسینی

دایکی سوننە

وەرگێڕانی

مامۆستا عدنان بارام


---


لە بڵاوکراوەکانی

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba8.org

walamakan.com

بسم الله الرحمن الرحیم

إِنَّ الْـحَمْدَ لِلَّـهِ نَحْمَدُهُ ، وَنَسْتَعِيْنُهُ ، وَنَسْتَغْفِرُهُ ، وَنَعُوْذُ بِاللَّـهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا ، وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا ، مَنْ يَهْدِهِ اللَّهُ ؛ فَلا مُضِلَّ لَهُ ، وَمَنْ يُضْلِلْ ؛ فَلا هَادِيَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ ، وَرَسُولُهُ ... أَمَّا بَعْدُ :

❑ بەڕاستی خوای پەروەردگار زۆر بەڕەحم و میهرەبانە بەرامبەر بە بەندەکانی ئەگەرنا بەو پێیە بوایە کە دەیبیسین و دەیبینین ـ ئەوەتا زۆر بەئاشکرا و بەبێ شەرمی تاوانی هەمەجۆر و گەورە و ناقۆلا و ئەنجام دەدرێت ، کە لەڕاستیدا جێی شەرمە باسکردنیان ، کە بەداخەوە هەر کەسانی کوردی موسڵمانن ئەنجامیان دەدەن ـ ، ئەوا دەبوو کەسی لە سەر زەوی نەهێشتیابە ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَلَوْ يُؤَاخِذُ اللَّهُ النَّاسَ بِمَا كَسَبُوا مَا تَرَكَ عَلَى ظَهْرِهَا مِنْ دَابَّةٍ وَلَكِنْ يُؤَخِّرُهُمْ إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِعِبَادِهِ بَصِيرًا ﴾ ( فاطر : ٤٥ ) .

بۆیە کاتێك کە خوای گەورە بەڵایەکی ترسناکمان بۆ دەنێرێت زۆر باش بزانین و بیری خۆمانی بخەینەوە کە ئێمە خۆمان بەخۆمانی دەکەین ، نەك ئەو خوایەی کە لەدایکمان بەڕەحمترە بۆمان ، و هەرگیز ستەممان لێناکات ، بەڵکو خۆمان ستەم لەخۆمان دەکەین ـ چونکە کە نەهیمان لێدەکات لە نەهیلێکراوەکان ئەنجامیان دەدەین ، و کە فەرمانیشمان پێدەکات بە فەرمان پێکراوەکان گوێڕایەڵی ناکەین ! ! ! ـ کەوابوو ئەمە لەدەرئەنجامی تاوانە خراپەکانی خۆمانە ، هەروەکو خوای پەروەردگارمان دەفەرموێت : ﴿ وَمَا أَصَابَكُمْ مِنْ مُصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُو عَنْ كَثِيرٍ ﴾ ( الشورى : ٣٠ ) ،

وە فەرموویەتی : ﴿ أَوَلَمَّا أَصَابَتْكُمْ مُصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُمْ مِثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّى هَٰذَا قُلْ هُوَ مِنْ عِنْدِ أَنْفُسِكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴾ ( آل عمران : ١٦٥ ) .

وە پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموویەتی : (( إذا ظَهَرَ السُّوءُ فِي الأَرْضِ أنْزَلَ اللَّه بأسَهُ بِأهْلِ الأَرْضِ وإنْ كانَ فِيهِمْ قَوْمٌ صالِحُونَ يُصِيبُهُمْ مَا أصاب النَّاسَ ثُمَّ يَرْجِعُونَ إِلَى رَحْمَةِ اللَّه ومَغْفِرَتِهِ )) [١]

بۆیە با لۆمەی کەس نەکەین جگە لەخۆمان نەبێت ، و زیاتر بگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە ، و تەوبە و پەشیمان بینەوە لە هەموو ئەو سەرپێچی و تاوانانەمان کە ئەنجامی دەدەین ، چونکە ئەگەر بەم شێوە بین ئەوا ئەم بەڵایەش بڕوات بێگومان خوای پەروەردگار بەڵایەکی ترمان بۆ دەنێرێت .

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (( إذا تَبايَعْتُمْ بالعِينَةِ وأخَذْتُمْ أذْنابَ البَقَرِ ورَضِيتُمْ بالزَّرْعِ وَتَرَكْتُمُ الجِهَادَ سَلَّطَ الله عليكُمْ ذلاً لَا يَنْزِعُهُ حَتَّى تَرْجِعُوا إِلَى دِينِكُمْ )) [٢]

کەوابوو زیاتر گەڕانەوە بۆ ئایین و تەوبەکردنمان چارەسەرە نەك هیچی تر ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ فَلَوْلَا إِذْ جَاءَهُمْ بَأْسُنَا تَضَرَّعُوا وَلَكِنْ قَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴾ ( الأنعام : ٤٣ ) .

وە فەرموویەتی : ﴿ ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُمْ بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴾ ( الروم : ٤١ ) .

وە ئامان با هاوشێوەی ئوممەتانی پێشوو نەبین لەوەی کە نەگەڕێنەوە بۆ لای

(١) صححه الألباني في صحيح الجامع ، برقم : ٦٨٠ .

(٢) صححه الألباني في صحيح الجامع ، برقم : ٤٢٣ .

پەروەردگارمان ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَلَقَدْ أَخَذْنَاهُمْ بِالْعَذَابِ فَمَا اسْتَكَانُوا لِرَبِّهِمْ وَمَا يَتَضَرَّعُونَ ﴾ ( المؤمنون : ٧٦ ) .

وە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ وَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِقَوْمٍ سُوءًا فَلَا مَرَدَّ لَهُ وَمَا لَهُمْ مِنْ دُونِهِ مِنْ وَالٍ ﴾ ( الرعد : ١١ ) .

بۆیە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆرونا و هاوشێوەکانی وەبایەکە بەرامبەر تاوانی زۆری خۆمان ، نەکو هیچی تر .

کەوابوو زانیمان هەموو بەڵاکان هۆی تاوانی خۆمانە ، بۆیە لێرەدا پێویست دەکات هەموو ئەوانەی کە دەتوانن ، هەر یەك و بەگوێرەی توانای خۆی حەقیقە ت و ڕاستی ئەم باسانە بگەیەنن ، چونکە فەرمانکردنە بەچاکە و نەهیکردن لە خراپە ، چونکە ئەگەر وا نەکەین ئەوا بەڵاکە گەورە تر و گشت گیرتر دەبێت ، وەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (( مَا مِنْ قَوْمٍ يُعْمَلُ فِيهِمْ بِالْمَعَاصِي، ثُمَّ يَقْدِرُونَ عَلَى أَنْ يُغَيِّرُوا ، ثُمَّ لَا يُغَيِّرُوا ، إِلَّا يُوشِكُ أَنْ يَعُمَّهُمُ اللَّهُ مِنْهُ بِعِقَابٍ ))[١].

❑ خاڵێکی تر : هەر ئایینی ئیسلامی پیرۆزە دامەزرا و دڵخۆش و ڕێنمایی و چارەسەرمان دەکات ، لەم حاڵەتانەدا بۆیە دەبێت دامەزراو و دڵخۆش بین ، چونکە ئێمەی موسڵمان ئاشکرایە لامان کە یەکێك لە بنچینەکانی باوەڕ باوەڕبوونە بە قەدەری خێر و شەڕ کەوابوو هەر یەکێك لە ئێمە دەبێت دڵنیا بین لەوەی کە خوای گەورە چی نوسیبێت لە چارەنوسمان توشمان دەبێت ، وقەدەریشی وابێت کە تووشمان نەبێت ئەوا تووشمان نابێت

(١)رواه أبو داود في سننه ، برقم : ٤٣٣٨ ، وصححه الألباني في الصحيحة ، برقم : ٣٣٥٣.

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ قُلْ لَنْ يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلَانَا وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ ﴾ ( التوبة : ٥١ )

وە پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموویەتی : (( ... ، وَتَعْلَمَ أَنَّ مَا أَصَابَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُخْطِئَكَ ، وَأَنَّ مَا أَخْطَأَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُصِيبَكَ ، وَلَوْ مُتَّ عَلَى غَيْرِ هَذَا لَدَخَلْتَ النَّارَ ، ...))[1].

وە فەرموویەتی ﷺ : (( كَتَبَ اللهُ مَقَادِيرَ الْخَلَائِقِ قَبْلَ أَنْ يَخْلُقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِخَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ ، ... ))[2] ، بۆیە دەبێت دڵنیا بین کە بە قەدەری خوا ﷺ تووش دەبین ، نەك بە شتی تر .

ئەمە لە لایەکەوە ، لەلایەکی ترەوە بێگومان ئەم باسی قەدەرە ئەوە ناگەیەنێت کە هۆکار نەگرینەبەر بەڵکو هەر ئەو شەرعەی کە فێری قەدەری کردووین هەر ئەویشە فێرمان دەکات ئەسباب بگرینەبەر ، ئەوتا پیاوێك سەبارەت بە ووشترەکەی بە پێغەمبەری خوا ﷺ دەڵێت : (( أَدَعُهَا وَأَتَوَكَّلُ ؟ )) ، واتە : تەوەکول لە سەر خوا وازی لێبێنم ؟ پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی : (( اعْقِلْهَا وَتَوَكَّلْ ))[3] .

وە فەرموویەتی ﷺ : (( ... ، وَفِرَّ مِنَ الْمَجْذُومِ كَمَا تَفِرُّ مِنَ الأَسَدِ ))[4].

بەڵام کە هەرنەخۆشیەکیش تووشی موسڵمان بوو ئەوا نابێت بڵێت : لە فلان کەسەوە تووش بوو ! ! ! چونکە ئەی کێ یەکەم کەسی بە نەخۆشەیە تووش کردوە ؟!

(١) رواه أبو داود في سننه ، برقم : ٤٦٩٩ ، وصححه الألباني في صحيح وضعيف سنن أبي داود ، برقم : ٤٦٩٩.
(٢) رواه مسلم.
(٣) حسنه الألباني في صحيح الجامع ، برقم : ١٠٦٨
(٤) رواه البخاري.

ئەوەتا پیاوێك دێتە لای پێغەمبەری خوا و پێی دەفەرمووێت : ووشترێکی گەڕم هەبوو هەموو ووشترەکانی تووش کردم !!! ئەویش پێی فەرموو : (( فَمَنْ أَعْدَى الأَوَّلَ ؟ ))[1] واتە : ئەی کێ یەکەمی تووش کردووە ؟!

❑ وە دەبێت لەم حاڵ و بارانەدا موسڵمان زیاتر لەوە دڵنیا بێت و بزانێت کە باشترین زاتێك کە متمانە و تەوەکولی بکاتەسەر و پشتی پی ببەستێت خوای پەروەردگارە ، ئەوەتە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا ﴾ ( الطلاق : ٣ ) ، وفەرموویەتی : ﴿ أَلَيْسَ اللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُ ﴾ ( الزمر : ٣٦ ) ، وە فەرموویەتی : ﴿ وَعَلَى اللَّهِ فَتَوَكَّلُوا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ ﴾ ( المائدة : ٢٣ ) ، کەوابوو ئێمەی موسڵمان دەبێت ئەم ئایەتانەمان بەس بێت چونکە وەعدی خوای گەورەیە و حەق و ڕەواییە ئەگەر دووبارە خەلەل لەخۆمان نەبێت و تەوەکولەکەمان ناتەواو نەبێت .

❑ خاڵێکی تریش ئەوەیە کە : باشترین چەکی باوەڕدار بۆ ئەم بەڵایە و هەموو بەڵا و نەهامەتیەکی تر پاڕانەوە و دوعایە ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ ﴾ ( البقرة : ١٨٦ ) ، وەپێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ فێرمان دەکات و پێمان دەفەرموێت : (( لَا يَرُدُّ الْقَضَاءَ إِلَّا الدُّعَاءُ ، ... ))[2].

---

(١) رواه البخاري.

(٢) رواه الترمذي في سننه ، برقم : ٢١٣٩ ، وحسنه الألباني في صحيح وضعيف سنن الترمذي ، برقم : ٢١٣٩ ، وفي الصحيحة ، برقم : ١٥٤

وە فەرموویەتی : (( ادْعُوا اللَّهَ وَأَنْتُمْ مُوقِنُونَ بِالإِجَابَةِ ، وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ لَا يَسْتَجِيبُ دُعَاءً مِنْ قَلْبٍ غَافِلٍ لَاهٍ ))[1].

❑ وە خاڵێکی گرنگی ئەوەیە : پێویستە هەموومان بزانین ـ بەتایبەت لەم کاتەدا ـ ئەویش ئەوەیە کە دروست نیە بۆ موسڵمانێك بەرامبەرە موسڵمانەکەی بترسێنێت ، چونکە ئەو کارە لە شەریعەتە نازدارەکەماندا حەرام و قەدەغەکراوە ، پەروەردگارمان فەرموویەتی : ﴿ وَإِذَا جَاءَهُمْ أَمْرٌ مِنَ الْأَمْنِ أَوِ الْخَوْفِ أَذَاعُوا بِهِ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَى أُولِي الْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنْبِطُونَهُ مِنْهُمْ وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ لَاتَّبَعْتُمُ الشَّيْطَانَ إِلَّا قَلِيلًا ﴾ ( النساء : ٨٣ ) ، وە پێغەمبەری ئازیزیشمان ﷺ فەرموویەتی : (( لَا يَحِلُّ لِمُسْلِمٍ أَنْ يُرَوِّعَ مُسْلِماً ))[2].

کەواتە ئاینی ئیسلامی پیرۆزمان نەهی دەکات لەوەی کە بەرامبەرکەت بتۆقێنیت و بترسێنیت ، جا ئەگەر بە کردار بێت یان بەهەواڵ و ووتی ووتی بێت ، ـ ڕاست بێت یان درۆ ـ .

(١) رواه الترمذي في سننه ، برقم : ٣٤٧٩ ، و حسنه الألباني في صحيح وضعيف سنن الترمذي ، برقم : ٣٤٧٩ ، وفي الصحيحة ، برقم : ٥٩٦

(٢) رواه أبو داود في سننه ، برقم : ٥٠٠٤ ، وصححه الألباني في صحيح وضعيف سنن أبي داود ، برقم : ٥٠٠٤

❑ جارێکی تر ئایینی ئیسلام فێرمان دەکات کە خوای گەورە هیچ نەخۆشیەکی دانەبەزاندووە ئیللا چارەسەری بۆ ناردۆتە خوارەوە ، وە هەر لەم ئایینەدا چەند شتێکی بە شیفا داناوە منیش وەك بیرخستنەوەیەك بیری خوێنەرانی دەخەمەوە ، و دەیانخەمەڕوو بۆ هەموو نەخۆشیەك بەگشتی و ئەم دەرد و بەڵایەش بەتایبەت ، لەوانە :

١ ـ قورئانی پیرۆز بەگشتی : خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ وَلَا يَزِيدُ الظَّالِمِينَ إِلَّا خَسَارًا ﴾ ( الإسراء : ٨٢ ) .

٢ ـ خواردنەوەی ئاوی زەمزەم : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (( مَاءُ زَمْزَمَ لِمَا شُرِبَ لَهُ ))[١].

٣ ـ کردنی هەندێك زیکر و پاڕانەوە ، لەوانە : پێغەمبەری خوا دەیفەرموو : (( اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ البَرَصِ ، وَالْجُنُونِ ، وَالْجُذَامِ ، وَمِنْ سَيِّئِ الْأَسْقَامِ ))[٢].

٤ ـ خوێندنەوەی هەندێك زیکر بەسەر نەخۆشەکە ، لەوانە :

ـ ووتنی ئەو زیکرەی کە لەم فەرموودەیەدا هاتووە : دەستی ڕاست بخەسەر شوێنی ئازارەکە و بڵێ : (( بِسْمِ اللَّهِ ، أَعُوذُ بِعِزَّةِ اللَّهِ وَقُدْرَتِهِ مِنْ شَرِّ مَا أَجِدُ مِنْ وَجَعِي هَذَا ، ثُمَّ ارْفَعْ يَدَكَ ثُمَّ أَعِدْ ذَلِكَ وِتْراً ))[٣].

ـ وتنی ئەم زیکرە کە لەم فەرموودەیەدا هاتووە : (( مَا مِنْ عَبْدٍ مُسْلِمٍ يَعُودُ مَرِيضًا لَمْ يَحْضُرْ أَجَلُهُ ، فَيَقُولُ سَبْعَ مَرَّاتٍ : أَسْأَلُ اللَّهَ العَظِيمَ رَبَّ العَرْشِ العَظِيمِ أَنْ يَشْفِيَكَ إِلَّا

(١) صححه الألباني في صحيح الجامع ، برقم : ٥٥٠٢

(٢) رواه أبو داود في سننه ، برقم : ١٥٥٤ ، وصححه الألباني في صحيح وضعيف سنن أبي داود ، برقم : ١٥٥٤

(٣) صححه الألباني في صحيح الجامع ، برقم : ٣٤٦

عُوفِيَ))[1].

٥ ـ خواردنی ڕەشکە یان ڕۆنی ڕەشکە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (( مَا مِنْ دَاءٍ ، إِلَّا فِي الْحَبَّةِ السَّوْدَاءِ مِنْهُ شِفَاءٌ ، إِلَّا السَّامَ ))[2].

٦ ـ خواردنی زەیتی زەیتوون ، چەورپێکردنی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (( كُلُوا الزَّيْتَ وَادَّهِنُوا بِهِ ؛ فَإِنَّهُ مِنْ شَجَرَةٍ مُبَارَكَةٍ ))[3].

بەڵام دەبێت ئەوە لەیاد نەکەین کە شیفادەر تەنها ( اللَّه ) یە و ئەمانە هەموو بەڵگە لەسەریان هاتووە کە خوێندنەوە یان ووتن یان خواردنیان یان بەکارهێنانیان دەبێت بەشیفا ، بەفەرمانی خوای پەروەردگار ، خوای پەروەردگار لەبەسەرهاتی پێغەمبەر ( إِبْرَاهِيم ) ـدا . عَلَيْهِ السَّلَامُ . دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : ﴿ وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ ﴾ ( الشعراء : ٨٠ ) .

❑ کۆتا قسە و باس چەند حەقیقەت خستنەڕوویەکە سەبارەت بە ئایینی ئیسلام کە تەنها ئایینێکە کامڵ و بێ کەم و کوڕیە ، بۆیە دەبینی هانی داوین و ڕێنمونی کردووین بۆ خۆپاکڕاگرتن و پاککردنەوە و چەند ئادابێك ، لەوانە :

یەکەم : خۆپاکڕاگرتن و پاککردنەوە :

چونکە خوای گەورە خۆپاکڕاگران و خۆپاککەرەوانی خۆش دەوێت ، هەروەکو

(١) رواه الترمذي في سننه ، برقم : ٢٠٨٣ ، وصححه الألباني في صحيح وضعيف سنن الترمذي ، برقم : ٢٠٨٣ ، والمشكاة ، برقم : ١٥٥٣ ، والكلم الطيب ، برقم : ١٤٩

(٢) رواه مسلم

(٣) رواه الترمذي في سننه ، برقم : ١٨٥١ ، وصححه الألباني في صحيح وضعيف سنن الترمذي ، برقم : ١٨٥١

فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ ﴾ ( البقرة : ٢٢٢ ) ، ئەمە سەربارى ئەوەى كە هۆكارێكە بۆ خۆپارێزى و تەندروستى .

لەوانەش خۆشۆردنى هەفتانە ، پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرموویەتی : (( حَقٌّ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ ، أَنْ يَغْتَسِلَ فِي كُلِّ سَبْعَةِ أَيَّامٍ يَوْماً يَغْسِلُ فِيهِ رَأْسَهُ وَجَسَدَهُ ))(١).

یان بەجوانى تارات گرتن و دەستشۆردن پاش چوونە سەرئاو ، ( أبو هريرة ) رضي الله عنه فەرموویەتی : (( أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَضَى حَاجَتَهُ ، ثُمَّ اسْتَنْجَى مِنْ تَوْرٍ ، ثُمَّ دَلَكَ يَدَهُ بِالْأَرْضِ))(٢).

یان دەستنوێژ بەجوانى شۆردن ، پێغەمبەرى خوا ﷺ سەبارەت بە چاكەى دەستنوێژ فەرموویەتی : (( أَرَأَيْتُمْ لَوْ أَنَّ نَهراً بِبَابِ أَحَدِكُمْ يَغْتَسِلُ مِنْهُ كُلَّ يَوْمٍ خَمْسَ مَرَّاتٍ ، هَلْ يَبْقَى مِنْ دَرَنِهِ شَيْءٌ ؟ » قَالُوا: لَا يَبْقَى مِنْ دَرَنِهِ شَيْءٌ ، قَالَ : فَذَلِكَ مَثَلُ الصَّلَوَاتِ الْخَمْسِ ، يَمْحُو اللهُ بِهِنَّ الْخَطَايَا ))(٣).

وە سیواكى داناوە كە پاككەرەوەیە بۆ دەم ، هەروەكو پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرموویەتی : (( السِّوَاكُ مَطْهَرَةٌ لِلْفَمِ ، مَرْضَاةٌ لِلرَّبِّ ))(٤).

وە پێویستە ئەو كەسەش كە بەیانى لەخەو هەڵدەستى دەستى نەكات بەهیچ قاپێكدا تاكو سێ جار دەستەكانى نەشوات ، ئەوەش بەپێى ئەم فەرموودەیەى خوارەوە : (( إِذَا

---

(١) رواه البخاري ومسلم

(٢) رواه ابن ماجه في سننه ، برقم : ٣٥٨ ، وحسنه الألباني في صحيح وضعيف سنن ابن ماجة برقم : ٣٥٨

(٣) رواه مسلم

(٤) رواه البخاري

اسْتَيْقَظَ أَحَدُكُمْ مِنْ نَوْمِهِ ، فَلَا يَغْمِسْ يَدَهُ فِي الْإِنَاءِ حَتَّى يَغْسِلَهَا ثَلَاثاً ، فَإِنَّهُ لَا يَدْرِي أَيْنَ بَاتَتْ يَدُهُ ))[١].

دووەم : لەگەڵ ئەوانەی سەرەوەشدا ڕەچاوی ئەم ئادابانە بكرێت ، لەوانە :

أ / دووركەوتنەوە لەماچكردن و هاوشێوەكانی لە كاتی بەیەك گەشتن خزم و خێش و دۆست و برادەران :

هەروەكو ( أنس ) ـی كوڕی ( مالك ) بۆمان دەگێڕێتەوە : (( قال رجل : يا رسول اللَّه أحدنا يلقى صديقه أينحني له ؟ قال : فقال رسول الله ﷺ : لا ، قال : فيلتزمه ويقبله ؟ قال : لا ، قال : فيصافحه ؟ قال : نعم إن شاء ))[٢].

ب ـ دەستخستنە سەر لووت و دەم لەكاتی پژمین و كۆكە :

هەروەكو لەم فەرموودەیەدا هاتووە : (( كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : « إِذَا عَطَسَ وَضَعَ يَدَهُ أَوْ ثَوْبَهُ عَلَى فِيهِ ، وَخَفَضَ أَوْ غَضَّ بِهَا صَوْتَهُ » ))[٣].

جـ ـ دەستخستنەسەر دەم لەكاتی باوێشكدان :

هەروەكو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (( إذا تثاءب أحدكم فليضع يده على فيه ... ))[٤].

---

(١) رواه البخاري ومسلم

(٢) رواه أحمد ، والسياق له ، وابن ماجه ، والترمذي ، لكن ليس عنده : إن شاء ، ... وقال الترمذي : حديث حسن ، وحسنه الألباني في الصحيحة ، برقم : ١٦٠ ، وقال الألباني : وهو كما قال أو أعلا ، ... ، ثم قال : فالحق أن الحديث نص صريح في عدم مشروعية التقبيل عند اللقاء ، ... إلخ

(٣) رواه أبو داود في سننه ، برقم : ٥٠٢٩ ، وقال الألباني : حسن صحيح

(٤) صححه الألباني في صحيح الجامع ، برقم : ٤٢٦

لەهەر هەموو ئەمانەی کە خرانەڕوو زیاتر لەوە بێگومان دەبین کە ئاینەکەمان ئایینی پاکێتی ، و ڕێنمونیکاری موسڵمانانە بۆ خۆپاك ڕاگرتن .

❑ لە کۆتا کۆتا قسە و باس ئامۆژگاریم ئەوەیە با هەمووومان لە خوا بترسین و بگەڕێینەوە بۆ لای خوای پەروەردگار و هەوڵی چاکە و چاکەکاری بدەین بۆ خۆمان و بەرامبەرەکەمان ، چونکە تاکو ئێمە چاکەکار بین و چاکەبکەین خوای گەورەش ڕەحم و بەرەکەتی خۆیمان بەسەردا دەڕژێنیت ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَى آمَنُوا وَاتَّقَوْا لَفَتَحْنَا عَلَيْهِمْ بَرَكَاتٍ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ وَلَكِنْ كَذَّبُوا فَأَخَذْنَاهُمْ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴾ ( الأعراف : ٩٦) .

داواکارم لە خوای گەورە و میهرەبان بەڕەحم و بەزەیی و بەخشندەیی خۆی بمانبورێت و لە هەموو دەرد و بەڵایەکی خراپ بمانپارێزێت ... ئامین .

وَصَلَّى اللَّهُ عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِيْنَ

دایکی سوننە

==================

## هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

مالْپەڕی وەلامەکان